# هەواڵنامــەی یونـامی

نێردەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هاوكاریكردنی عیراق

هەواڵنامەی ژمارە 4 | ئابـــی 2010


## لـــەم ژمارەیـــــەدا


ئەنجومەنی ئاسایش ئەركی پێسپێردراو (ماندێت)ی یونامی تا مانگی تەموزی ٢٠١١ درێژ دەكاتەوە..... ..... 1

نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان ئاد مێلكەرت چەند كورتەیەك پێشكەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان دەكات ...................... 1

پەیامی هەماهەنگكەری مرۆیی بۆ عیراق خاتو كریستینا ماكناب بە بۆنەی رۆژی جیهانیی مرۆییەوە.............. 2

لێدوانی رۆژنامەوانیی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە عیراق.......................................................... 2

هەرچەندە باری ئاسایش ناسەقامگیرە بەڵام كارمەندە مرۆییەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان بەردەوام دەبن لە كارەكانیان.......................................................... 3

ئێمە كارمەندە مرۆییەكانین: گرتەوتەكانی عیراقییەكان 3

رێكخراوی كۆچی جیهانی یارمەتی بەسەر ٤٥ خێزانی بەركەوتەی تەقینەوەی ئەم دواییەی بەغداد دابەش دەكات ........................................................... 4

رێكخراوای گەشەپێدانی پیشەسازیی نەتەوە یەكگرتووەكان (یونیدۆ) راهێنان بە عیراقییەكان دەكات لەسەر راوێژی شارەزایانە سەبارەت بە پشتگیریكردنی پرۆژەی بچووك و مامناوەند.......................................... 5

یونامی و هاوبەشكارانی راهێنان بە نوێنەرانی كۆمەڵگاكانی مەدەنی عیراقی دەكەن لەسەر چاودێریكردن و راپۆرتدان لەسەر مافەكانی مرۆڤ لە عیراقدا........................................................... 5

رێكخراوی هابیتاتی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان بەردەوامە لە راهێنانی هاوبەشكارانی عیراقی لەسەر پلاندانانی شاری و گەشەپێدانی ئابووری ............... 6

پەیامی جێگری نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان خاتو كریستینا ماكناب بە بۆنەی رۆژی جیهانیی گەنجانەوە .............................................. 7

لاوانی عیراقی: لەسەر رێبازی كارەسات و هیوا بەپێی بنەمای لاپەڕەی راستییە وەرگێڕاوەكان ..................... 7

كورتە هەواڵ ............................................................ 8

نەتەوە یەكگرتووەكان لە كاردا ................................. 9


## ئەنجومەنی ئاسایش ئەركی پێسپێردراو (ماندێت)ی یونامی تا مانگی تەموزی ٢٠١١ درێژ دەكاتەوە



دیمەنێكی فراوانی ئەنجومەنی ئاسایش لە كاتی پەیڕەوكردنی كۆدەنگیی بڕیاری ١٩٣٦ (٢٠١٠) ، ماوەی ماندێتەكەی یونامی تاكو ٣١ی تەمموزی ٢٠١١ درێژكرایەوە. وێنەی:نەتەوە یەكگرتووەكان/جۆن ماكلۆەین

لە دانیشتنی رۆژی ٥ی ئابدا لە بارەگای سەرەكیی نەتەوە یەكگرتووەكان لە نیویۆرك، ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری یەك ساڵ درێژكردنەوەی ماندێتی (یونامی )یان دا كە بە هەوڵەكانی بەردەوامە لە یارمەتیدانی عیراقییەكان بۆ دروستكردنی وڵاتێكی ئارام و دێموكرات و خۆشگوزەران.

هەر ١٥ ئەندامەكە بە كۆی دەنگ بڕیاری ژمارە ١٩٣٦یان پەسند كرد و بڕیاریشیاندا كە (یونامی) تا ٣١تەموزی ٢٠١١ لەسەر كارەكانی بەردەوام بێت بەپێی راسپاردەی سكرتێری گشتی بان كی مۆن لە دواهەمین راپۆرتی سەبارەت بە چالاكییەكانی ئەو نێردەیە (یونامی).

بەم بۆنەیەوە، ئەنجومەنی ئاسایش پیرۆزبایی لە عیراق و خەڵككەی كرد بۆ سەركەوتووانە ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی ٧ی ئادار و داواشی لە سەركردەكانی وڵات كرد كە " هەرچی زووە حكومەتێكی گشتگر لە هەموو پارتە سیاسییەكان بە گوێرەی دەستووری عیراق پێك بهێنن."

لەگەڵ داننان بە لەرزۆكیی باری ئاسایش لە عیراقدا، ئەنجومەنەكە جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە "گرفتەكانی بەردەم ئاسایش لە عیراقدا هێشتا لە مەلاس دان و باشبوونەكانیش پێویستە لە رێگەی گفتوگۆی سیاسیی پڕمانا و یەكیەتی نیشتیمانییەوە درێژەیان پێ بدرێت."

ئەنجومەنی ئاسایش هەروەها هانی حكومەتی عیراقی دا "بۆ ئاوڕدانەوە لە گرفت و نیگەرانییەكانی بەردەم مافەكانی مرۆڤ و بیركردنەوە لە هەوڵی زیاتر بۆ پشتگیریكردن لە "كۆمیسیاریای باڵای سەربەخۆی مافەكانی مرۆڤ".

لە دوایین راپۆرتیشی لەسەر عیراق كە لە ٤ی ئابدا پێشكەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی كردبوو، سكرتێری گشتی دان بەوەدا دەنێت كە یونامی لە" كەشێكی زۆر دژواری كاركردندا" كار دەكات و پێشی لەسەر دەوری گرنگیی ئەو نێردەیە (یونامی) لە پرۆسەی سیاسیدا لە عیراق و هەوڵەكانی مرۆیی و گەشەپێدان داگرت. ■

## نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان ئاد مێلكەرت چەند كورتەیەك پێشكەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان دەكات

لە ٤ی ئابی ٢٠١٠دا نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان ئاد مێلكەرت چەند كورتەیەكی دایە ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بەو پێشكەوتنە گرنگەی كە لە عیراقدا بەدی هاتووە لەگەڵ بە زەقی خستنەڕووی ئەو گرفتانەش كە بەردەوام وڵات و نەتەوە یەكگرتووەكان روو بە رووی دەبنەوە.

مێلكەرت لەوتەكەیدا تیشكی خستە سەر ئەو بابەتانەی كە پەیوەستن بە پێكهێنانی حكومەت و ئاشتبوونەوەی سیاسی و بارودۆخی ئابووری و كۆمەڵایەتی و بەندی حەوتەم و پەیوەندیی عیراق لەگەڵ كوێت و دۆخی نەتەوە یەكگرتووەكان لە عیراقدا.

مێلكەرت ئەوەشی روون كردەوە كە سەرباری سەركەوتووانە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و پەسندكردنی ئەنجامەكانی لە ٢ی حوزەیراندا كەچی هێشتا پێكهێنانی حكومەتی تازە هەر لە مۆڵەقدایە. ئەو هەروەها جەختیشی لەسەر ئەوە كردەوە ئەركی پێكهێنانی حكومەت و دەستەبەركردنی دەستاودەستكردنی ئاشتییانەی دەسەڵات لە ئەستۆی حكومەتدایە وەك وڵاتێكی خاوەن سەروەری. نوێنەرەكەی نەتەوە یەكگرتووەكان وتیشی لە كاتێكدا گفتوگۆ هێشتا هەر درێژەی هەیە بەڵام مایەی تێبینی كردنە كە پێدەچێ پارتە سیاسییەكان لەسەر "حكومەتی هاوبەشكاریی" رێككەوتبن و(یونامی)یش ئامادەیە بۆ پێشكەشكردنی یارمەتی بۆ ئەم پرۆسەیە لەسەر داوای عیراقییەكان.

سەبارەت بە بارودۆخی ئابووری و كۆمەڵایەتیش،





نێردەی تایبەتی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هاوكاریكردنی عیراق ئاد مێلكەرت وتارێك دەخوێنێتەوە لەئەنجومەنی ئاسایش لە ٤ی ئابی ٢٠٠٩. وێنە: نەتەوە یەكگرتووەكان /جێنی رۆكێت

مێلكەرت وتی كە دواكەوتن لە پێكهێنانی حكومەتدا كاری كردووەتە سەر ژێرخانی بنەڕەت و

پێشکەشکردنی خزمەتەکان و ئەمەش خۆی لە خۆیدا کار دەکاتە سەر گوزەرانی هاوڵاتییانی عیراق.

لە لایەکی تریشەوە حکومەت ئاوڕدانەوەی لە بابەتەکانی گەشەنەکردنی خستووەتە پێشینەی کارەکانی. هەروەها مێلکەرت ئەوەشی راگەیاند کە بە سوود وەرگرتن لە "پلانی نیشتمانیی گەشەپێدان" وەك بنەمایەك و دوابەدوای پەسندکردنی "چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیی گەشەپێدان" لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا، ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتوونەتە خۆ بۆ پێشکەشکردنی راوێژ و یارمەتیی تەکنیکی کە ئەوەش پێویستە بە شێوەیەکی کردەنی گەشەکردن خێراتر بکات.

سەبارەت بە پەرەسەندنە سیاسییەکانیش، مێلکەرت وتی هەر کە حکومەت پێکهات ئەوە گرنگە کە "سەرکردە عیراقییەکان ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بکەنە پێشینەکاریان لەگەڵ تاوتوێکردنی چەندان گرفتی سیاسی هەڵپەسێردراو کە هەڕەشە لە وڵات دەکەن." ئەو بە نموونە ئاماژەی بە پەیوەندییەکانی کورد و عەرەب و، سنووره ناوخۆییە کێشەلەسەرەکان و هاوبەشبوون لە داهاتدا و یاسای هایدرۆکاربۆن و چوارچێوەی فیدرالی و پرۆسەی پێداچوونەوەی دەستووری کرد.

مێلکەرت رۆشناییشی خستە سەر هەوڵە بەردەوامەکانی (یونامی) بۆ پەرەدان بە گفتوگۆ لە پارێزگای نەینەوا کە لەوێدا پرسی ئاسایش لە نێوان حکومەتی عیراق هێزە هەرێمییە کوردییەکاندا بەردی بناغەیە بۆ رووبەرووبوونەوەی نائارامی لەو ناوچانەدا. کەمینە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی نەینەواش دەتوانن لە رێگەی گفتوگۆ و تاوتوێکردنەوە دەستنیشانی ئەو رێگایانە بکەن کە دەبنە مایەی پاراستنی مافەکانیان.

بە ئاماژەکردنیش بە سەردانەکەی بۆ کوێت لە مانگی حوزەیراندا، مێلکەرت وتی کە "کاتی ئەوە هاتووە لە رێگەی هەوڵە هەمەلایەنە جددییەکانەوە پرسە هەڵپەسێراوەکان کۆتاییان پێ بهێنرێت." ئەو جەختی لەسەر پێکهێنانی حکومەتیش کردەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بە زوویی پابەندییە هەڵپەسێراوەکانی لە ژێر بڕیارەکانی بەندی حەوتەمدا جێبەجێ بکات کە ئەمەش بۆ عیراق زۆر پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئەو پلەوپایە نێودەوڵەتییەی کە وڵاتەکە پێش بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشیی ژمارە ٨٨٣ی ساڵی ١٩٩٣ هەیبوو.

سەرەڕای نارامی و لەرزۆکیی بارودۆخی عیراقی، مێلکەرت ئەنجومەنی ئاسایش و یونامیی دڵنیا کردەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان و تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق لەسەر بنەمای ئەرکە پێسپێردراو(ماندێت)ەکەیان هەر بەردەوام دەبن لە پشتگیریکردنیان لە سەرکردە و هاوڵاتییانی عیراق و لە هەنگاونان بەرەو دابینکردنی ئارامیی و وەبەرهێنان و گەشەپێدانی درێژخایەن.

لە کۆتاییدا، مێلکەرت ئەوەشی خستە روو کە هەرچەندە عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە پێشکەوتنێکی زۆری بە خۆوە بینیوە بەڵام هێشتاش چەندان گرفت پێویستیان بە لابردن هەیە. ئەو پێی لەسەر گرنگیی ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەڵگی نێودەوڵەتیش داگرت بۆ بەردەوامبوونیان لە پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ عیراق "تا ئەو کاتەی دەتوانێت لەسەر قاچی خۆی بوەستێت." ■

رۆشنایی/ رۆژی مرۆیی

## لێدوانی رۆژنامەوانیی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە عیراق

ئەم لێدوانە رۆژنامەوانییەی خوارەوە لە لایەن سەرۆکی ئەنجومەنەوە لە ٤ی ئابی ٢٠١٠ەدا خوێندرایەوە

ڤیتالی چورکین( فیدراسیۆنی روسیا)

ئەمڕۆ ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش کورتەیەکیان سەبارەت بە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆهاوکاریکردنی عیراق (یونامی) لە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاد مێلکەرت وەرگرت.

ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش داوایان لە ئەندامە تازەهەڵبژێردراوەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق کرد کە بە گوێرەی دەستووری عیراق و بە پشتگیریکردنیان بۆ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان هەڵسوکەوت بکەن و هەرچی زووشە حکومەتێکی گشتگر پێك بهێنن کە داخوازی و هیواکانی خەڵکی عیراق بۆ سەربەخۆیی و عیراقێکی یەکگرتوو و دیموکراتی تێدا بەرجەستە بێت.

ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشیش پشتگیری خۆیان خستەڕوو بۆ یونامی کە لەلایەن نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە گوێرەی ئەرکە پێسپێردراو(ماندێت)ەکەی بۆ یارمەتیدانی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت بەڕێوە دەبرێت.

ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش ئیدانەی هێرشە تێرۆریستییەکەی ئەم دواییەیان کرد و ئەوەشیان دووپات کردەوە کە هەوڵەکانی تیرۆریستان هەرگیز ناتوانن رێ لەو ئاشتی و خۆشگوزەرانییە بگرن کە لەلایەن خەڵك و حکومەتی عیراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری لێ دەکرێت. ■

***سەرچاوە: فەرمانگەی راگەیاندن/ بەشی هەواڵ و میدیا/ نیویۆرك***

## پەیامی هەمانگکەری مرۆیی بۆ عیراق خاتو کریستینا ماکناب بە بۆنەی رۆژی جیهانیی مرۆییەوە



جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق/ رێکخەری مرۆیی و جێنشینی خاتو کریستین مەکناب لە کۆنفرانسی کازا ئەرەب لە ٢٤ی ئاداری ٢٠١٠. وێنە: کازا ئەرەب

ئەمرۆ ١٩ی ئابی ٢٠١٠، ئێمە یادی رۆژی جیهانیی مرۆیی دەکەینەوە. کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەگرتووەکان لە ٦٢هەمین دانیشتنی خۆی لە مانگی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨ دا بڕیاریدا ئەم رۆژە بکاتە رۆژی یادکردنەوەی ئەو خەڵکانەی بوونەتە بەرکەوتەی کارەساتی سروشتی و پەتا و شەڕەکان بۆ ئەوەی دان بە کاری مرۆیی ئەو پیاو و ژنانەی کە ژیانی خۆیان بۆ یارمەتیدانی پڕمەترسیی ئەو بەرکەوتانە تەرخان کرد دابنێین. لە ساڵی ٢٠٠٣شەوە عیراق بووەتە شوێنێکی مەترسیدار و کەشێکی کارکردنی دژوار بۆ کارکەرانی یارمەتیی مرۆیی. لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٧یشدا نزیکەی ٩٤ کارکەری مرۆیی گیانی خۆیان بەخت کردووە و ٢٤٨ تریش لە کاتی کارکردنیان لە عیراق بریندار بون کە لە ناویاندا ٢٢ کارمەندی کوژراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پتر لەسەد برینداری تەقینەوەکەی ١٩ی ئابی ٢٠٠٣ی بارەگای سەرەکیی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە ئوتێل کەناڵی بەغداد هەن.

هەرچەندە ئاسایش لە ئەوپەڕی توندوتیژییەکەی ٢٠٠٧ەوە باشبوونی بەخۆوە بینیوە بەڵام کارکەرانی مرۆیی هێشتاش مەترسییەکی زۆریان هەر لەسەرە. لە مانگی کانونی دووەمی ٢٠١٠دا تەقینەوەیەك ئوتێلێکی لە بەغداد کردە ئامانج کە بارەگاکانی خاچی سووری نێودەوڵەتی تێدا بوو و بووە مایەی برینداربوونی چەندان کارمەند و لەناوبردنی هەموو کەلوپەلە بەنرخەکانی ئەو بارەگایانە.

کارکەرانی مرۆیی لە عیراق لە گەڵ مەترسیی رۆژانەدا ژیان بەسەر دەبەن لەوەی کە ببنە ئامانجی گرووپە چەکدارەکان، بگرە هەندێکیان کارەکانیان لە دراوسێ و برادەر و هەتا خێزانەکانیشیان دەشارنەوە.

سەرەڕای ئەم دۆخە ئاسایشە دژوارەش، کارکەرانی یارمەتی مرۆیی بە گوێرەی ٤ پرەنسیپی مرۆیی کە بریتین لە مرۆڤایەتی و بێلایەنیی و لاگیرینەکردن و سەربەخۆیی لە جێبەجێکردنی کارەکانیان هەر بەردەوامن. ئەم پرەنسیپانەش بناغەی سەرەکیی کاری مرۆیی مسۆگەر دەکەن و زۆر گرنگیشن بۆ دامەزراندن و پەرەدان بە دەستگەیشتن بە خەڵکی بەرکەوتە و پێویستیشە لە لایەن پەیوەندارانەوە رێزیان لێ بگیرێت.

من دەشمەوێ کە ئەم رۆژە بقۆزمەوە بۆ وەبیرهێنانەوەی گشت لایەن عیراقییەکان لەسەر پابەندییەکانیان بۆ پاراستنی ئەو خەڵکە مەدەنییەی کە لەبەر دەستیاندایە بۆ ئەوەی رێ بە گواستنەوەی ئازادانەی یارمەتییە مرۆییەکان بدەن و رێزیش لە کەرامەت و ژیانی ئەو کارکەرانە بگرن.

لە کۆتاییشدا ماوەم بدەن سوپاسی هەمووتان بکەم کە لەوێدا کار دەکەن بۆ خۆتەرخانکردنتان و پابەندیتان و قوربانییەکانتان. بەڕاستی کارەکانی ئێوە دەبنە مایەی کەمکردنەوە و سووککردنی ئازاری چەندان ملیۆن خەڵکی نیازمەند و هەروەك چۆن گۆڕانکاریی راستەقینەش دروست دەکەن. ■

**کریستینا ماکناب**

**جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەماهەنگکاری نشینگە لە عیراق**

# هەرچەندە باری ئاسایش ناسەقامگیرە بەڵام کارمەندە مرۆییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام دەبن لە کارەکانیان



منداڵە عیراقییەکان لە کامپەکی ئاوارە ناوخۆییەکان. وێنە: نەتەوە یەکگرتووەکان

عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣ وە شوێنێکی مەترسیدار وکەشێکی ناهەموار بووە بۆ کارمەندە مرۆییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کارمەندانی تری ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان.

لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٧ نزیکەی ٩٤ کارمەند لە کارمەندە مرۆییەکان گیانیان لەدەست دا و ٢٤٨ کەس بریندار بون لە کاتی کارکردنیان لە عیراق. ئەم ژمارەیە ٢٢ کوژراو و ١٠٠ بریندار لە کارمەندانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەگرێتەوە کە لەدوای تەقاندنەوەی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە 19/8/2003 لە ئوتێلی کەنال لە بەغدا ڕوویدا.

هەرچەندە باری ئاسایش بە شێوەیەکی بە ڕچاو بەرەوپێش چووە لەچاو ساڵی ٢٠٠٧ەوە کە بە لوتکەی کاری توندوتیژی دادەنرا، بەڵام کارمەندە مرۆییەکان هێشتا لە ژێر مەترسیدان. لە مانگی ١ ی ٢٠١٠ بۆمبێك لە ئوتێلێك تەقییەوە کە بارەگای (لیژنەی ڕزگارکردنی نێودەوڵەتی/ IRC) بوو و بووە هۆی بریندار بونی ژمارەیەك لە کارمەندانی و تێکشکاندنی کەلوپەلی ناو ئەم ڕێکخراوە.

کارمەندە مرۆییەکان کە لە عیراقدا کار دەکەن ڕۆژانە لە مەترسیدان بینە ئامانجی شاڵاوی گرووپە چەکدارەکان. هەروەها کەمی گەیشتن بە سودمەندان، و گەندەڵی ئیداری و کەمیی دارایی و زانیاریی لاواز و کەم لەسەر پێداویستییە مرۆییەکان گرفتی ترن کە ڕۆژانە دێنە بەردەم کارمەندەکان کە خەبات دەکەن و تێدەکۆشن لە پێناو بەدەنگەوەچوون و پڕکردنەوەی پێداویستییە مرۆییەکان لە عیراق.

ئاژانسەکانی هاوکاریکردن خۆراك، و تەواوکەری خۆراك و بژوێنی، وپارە بەرامبەر بە کارکردن و هاوکاریی پەروەردەیی و خزمەتگوزاری تەندروستی یان دابین کرد بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییە مرۆییە کورت خایەنەکانی عیراقییەکان.

هاوکاریکردنەکە خەڵکی بێدەرەتان و بەڵەنگازی گرتەوە وەك منداڵ و ئافرەتی دووگیان و شیردەر و خەڵکی هەژار و کەمئەندام و ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان.

لە ساڵی ٢٠١٠ بڕی ٩٤ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بۆ هاوکاریی مرۆیی تەرخان کرا لە نێویان بڕی ٦٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی کە لە ڕێگەی "پلانی کاری مرۆییی عیراق بۆ ساڵی ٢٠١٠ " ناردرا ودابین کرا.

لینکە پەیوەندیدارەکان

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پێداویستییە مرۆییەکان لە عیراق، تکایە سەردانی ماڵپەڕی ڕۆژی مرۆیی بکەن لە http://ochaonline.un.org/Default.aspx?alias=ochaonline.un.org/iraq

دەتوانرێت بەڵگەکانی ڕۆژی مرۆییی جیهانی بەدەستبکەوێت لە ڕێگەی سەردانی ماڵپەڕی OCHA Online لە http://ochaonline.un.org/Default.aspx?alias=ochaonline.un.org/iraq

## ئێمە کارمەندە مرۆییەکانین: گرتەوتەکانی عیراقییەکان

**ژنێکی تەمەن ٤٦ ساڵە، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی، ناوەندی عیراق:** " لەبەر هۆکاری ئاسایشەوە زۆربەی هاوڕێکانم و هەموو دراوسێکانم نازانن کەوا من لە ڕێکخراوێکی مرۆییی نێودەوڵەتی کار دەکەم و ترسی هەرەگەورەم ئەوەیە کە بکەومە بەر ئامانجی هێرشی گرووپە چەکدارەکان کە دان نانێن بە ڕۆڵی گرنگی هەر ڕێکخراوێکی مرۆیی بەرامبەر بە خەڵکی عیراق و کە سەریان لێشێواوە نێوان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی هاوکاریکردنی سەر بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا."

**پیاوێکی تەمەن ٢٦ ساڵە، ڕێکخراوێکی عیراقی، ڕۆژهەڵاتی عیراق:** "من هەرگیز لە بیرم ناچێت چۆن ئێمە کەوتینە بەر هێرشی میلیشیاکان لەو کاتەی کە سەرقاڵی دابەشکردنی هاوکاری بۆ خێزانەکانی پارێزگای دیالا بووین و چۆن تاوانباریان کردین بە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەمەریکیەکان بەڵام ئەگەر بە یارمەتی سودمەندە ناوخۆییەکان نەبایە ئەوا ئێمە هەمومان ئێستا بە مردوو دادەنراین!"

**پیاوێکی تەمەن ٤٦ ساڵە، ڕێکخراوێکی عیراقی، ڕۆژهەڵاتی عیراق:** "ئێمە لە لایەن میلیشیاکانەوە هەڕەشەمان لێکرا بەوەی کە یان شوێنمان بەجێبهێڵین یان کار بکەین بە گوێرەی هیوا و ئارەزووەکانیان. ئەمەش وای لێکردین کە دیپلۆماسییەتی زۆر بەکار بهێنین بۆ ئەوەی زاڵ بین بەسەر ئەم کارە سەختە تا توانیمان پرۆژەکەمان تەواو بکەین."

**پیاوێکی تەمەن ٤٢ ساڵە، ڕێکخراوێکی عیراقی، هەمو ناوچەکانی عیراق:** "من بۆ ماوەی ١٢ ڕۆژ زیندانی کرام تەنها بۆ ئەوەی بەشداریکردنم لە یارمەتیدانی کەمینەکان لە کاتی پێویستی."

**ژنێکی تەمەن ٣٠ ساڵە، ڕێکخراوێکی عیراقی، ڕۆژهەڵاتی عیراق:** "من شانازیم بەخۆم کرد ئەو کاتەی کە توانیمان یارمەتی ژمارەیەك لە ژنی هەژار بدەین و کە توانیمان جلوبەرگ بۆ منداڵەکانیان دابین بکەین لەگەڵ پێشکەشکردنی ژەمە خواردنێکی هاوبەش بۆیان."



سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بان کی مون. وێنە: نەتەوە یەکگرتوەکان

"ئێمە کەمێك پێشتر ناهەنگێکی شکۆدارمان گێڕا بۆ یادکردنەوەی ئەو هەڤاڵانەی کە ٧ ساڵ لەمەوبەر لە بەغداد گیانی خۆیان بەخت کرد. بەداخەوە هەر تەنیا ئەوەندەش نین بەڵکو چەندان هاوڵ و کارکەری مرۆیی تریشمان لە دەستداوە. ئێمە هەمێشە دڵمان لەگەڵ ئەو هەڤاڵە پاڵەوانانەیە کە لە پاکستان و سۆماڵ و سودان هایتی گیانی خۆیان لە پێناو مرۆڤایەتی بەخت کرد. ئەمڕۆش لە یادی ڕۆژی جیهانیی مرۆییدا دەبا هەموومان یادی چەندان ملیۆن خەڵکی جیهان بکەینەوە کە لە چەندان شوێنی جیهاندا لە دژواریدا ژیان بەسەر دەبەن و لەگەڵ یادکردنەوەی ئەو خەڵکانەش کە بۆ یارمەتی چاویان بڕیوەتە ئێمە. دەبا ئەمڕۆ ڕێز لەوانە بگرین کە لە پێناو ئەم پرسە پرشکۆیەدا گیانی خۆیان بەخت کرد. بەڕاستی ئەوانە سوپای ئاشتین و هەڵگری مۆمی هیوان. کارکەرانی جیهانی و تایبەتمەندانی بواری یارمەتی و پزیشکان و پەرستیاران و چەندانی تریش ئەو پاڵەوانانەن کە بەداخەوە پڕ بە پێستیان ڕێزیان لێ نەگیراوە."

**وتاری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاهەنگی یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانیی مرۆیی لە ١٩ی ئابی ٢٠١٠دا**

# ڕێکخراوی کۆچی جیهانی یارمەتی بەسەر ٤٥ خێزانی بەرکەوتەی تەقینەوەی ئەم دواییەی بەغداد دابەش دەکات


خانوە روخاوەکانی دوای تەقینەوەکەی حەی ئەلقاهیرە لە بەغدا. . وێنە: ڕێکخراوی کۆچی جیهانی

لە بەیانییەکی زووی ٢٥ی ئابدا تەقینەوەیەك کە بنکەیەکی پۆلیسی کردبووە ئامانج گەڕەکی قاهیرەی باکووری بەغدادی هەژاند و پێشدەچوو یەکێك بێت لەو زنجیرە تەقینەوانەی کە هەمان ڕۆژ لە سەرتاسەری عیراقدا بە هەماهەنگی ڕوویاندا. تەقینەوەکە بووە مایەی خاپوورکردن و هەڵتەکاندنی ماڵی چەندان خێزان کە هەندێکیان تووشی دەربەدەری بوون.

هەر دوای تەقینەوەکەش، چاودێرانی ڕێکخراوی کۆچی جیهانی یەکسەر کەوتنە خەملاندنی زیانی گەڕەکەکان و بە کارکردنی لەنزیکەوەشیان لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای بەغداد و دەسەڵاتی ناوخۆیی بڕیاری ئەوەیاندا کە ٤٥ خێزانی گەڕەکی قاهیرە پێویستیان بە یارمەتیی بەپەلە هەیە.

هەر ئەو ئێوارەش کەلوپەلی یارمەتی لە کۆگای ڕێکخراوەکە لە هەولێرەوە بەڕێ کرا و ڕۆژی دواتریش دابەشکردن لە بەغداد دەستی پێکرد.

ڕێکخراوەکە کۆمەڵێك پێداویستیی سەرەکیی ماڵی دابەش کرد کە پێکهاتبوون لە دۆشەك و حەسیری نایلۆن و سەرین و بەتانی و قەڵەمۆڵە و سۆبەی غاز و پانکە و ترمۆز لە گەڵ دابەشکردنی سندوقی پێداویستیی تەندروستی لە لایەن ڕێکخراوی (یونیسێف) ەوە.

لەمبارەوە سەرۆکی ڕێکخراوەکە لە بەغداد هەب ئەنتونیو سالانگا وتی "خێزانەکان کاتیان پێویستە بۆ ئەوەی بتوانن ماڵ و ژیانیان دوای ئەم تەقینەوە ترسناکە ڕێك بخەنەوە بەڵام ئەم کەلوپەل و پێداویستییانە وایان لێدەکا کە ئەگەر هیچ نەبێ بتوانن چێشت لێ بنێن و بە ئارامیش بخەون."

لەگەڵ یەکسەر دابینکردنی پێویستییەکانیش بۆ خێزانەکان، ڕێکخراوەکە پلانی ئەوەی هەیە کە دواتر یارمەتیی تریش دابین بکات لە ڕێگەی کۆمەڵێك دەستپێشخەریی مرۆیی و گەشەپێدان و دەرامەتەوە بە "بەرنامەی جێگیریی و ئاسایشی مرۆڤ"یشەوە.

دارایی ڕێکخراوەکە بۆ دابەشکردنی کتوپڕ لە لایەن ڕێکخراوی "نوسینگەی یارمەتیدانی ببیانیان لە کارەسات – OFDA"ی سەر بە USAID وە دابین دەکرێت.

ڕێکخراوی کۆچی جیهانیش وەك ئەندامێك لە تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق لەنزیکەوە کار دەکات لەگەڵ سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەسەڵاتی عیراقی بۆ پشتگیریکردنی "پلانی گەشەپێدانی نیشتمانیی عیراقی بۆ ٢٠١٠-٢٠١٤" کە ئەویش دەچێتە ناو گشت تیمەکانی ئەنجامی سەکتەری "ستراتیژی هەماهەنگی"ی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراقەوە.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە لە ماسیو گرێدۆن لە ڕێکخراوی کۆچی جیهانی لەسەر ناونیشانی mgraydon@iom.int


کەلوپەلی فریاگوزاری لە لایەن ڕێکخراوی کۆچی جیهانی دابەشکرا بەسەر ٤٥ خێزانی لێقەوماوی تەقینەوەکەی بەغدا

## پیشانگای وێنە


کەلوپەلی فریاگوزاری لە لایەن ڕێکخراوی کۆچی جیهانی دابەشکرا بەسەر ٤٥ خێزانی لێقەوماوی تەقینەوەکەی بەغدا


کەلوپەلی فریاگوزاری لە لایەن ڕێکخراوی کۆچی جیهانی دابەشکرا بەسەر ٤٥ خێزانی لێقەوماوی تەقینەوەکەی بەغدا


کەلوپەلی فریاگوزاری لە لایەن ڕێکخراوی کۆچی جیهانی دابەشکرا بەسەر ٤٥ خێزانی لێقەوماوی تەقینەوەکەی بەغدا

گەشەپێدان

## رێکخراوای گەشەپێدانی پیشەسازیی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونیدۆ) راهێنان بە عیراقییەکان دەکات لەسەر راوێژی شارەزایانە سەبارەت بە پشتگیریکردنی پرۆژەی بچووك و مامناوەند



راهێنەری رێکخراوی UNIDO موحازەرە لەسەر بیرۆکەکانی بازاری نوێ دەڵێتەوە. وێنە: UNIDO

لە پێناو پشتگیریکردنی پرۆژەی بچووك و مامناوەند لە عیراقدا، رێکخراوی (یونیدۆ) کۆتایی بە خۆلێکی راهێنان هێنا لەسەر راوێژپێکردنی شارەزایانە کە لە نێوان ١-٣ی ئاب لە هەولێر ئەنجامدرا کە تێیدا ٢٦ عیراقی لە دەزگای جۆراوجۆر بە "یەکییەتی پیاوانی کاریی عیراق" و "یەکییەتی ئەندازەی عیراق " و "فیدراسیۆنی پیشەسازییەکانی عیراق" و "وەزارەتی پیشەسازیی " بە نوێنەرایەتی پارێزگاکانی هەولێر و زیقارِ و بەغدادیشەوە سوودمەند بوون.

لە کۆی ٢٦ بەشداربووش، ١٤ەیان راهێنانی زیاتریان پێ دەکرێت لەسەر راوێژپێکردنی کار لە "سەنتەری هەرێمیی عەرەبی رێکخراوی یونێدۆ بۆ راهێنانی وەبەرهێنان و بازرگانیی بەهەڵمەت"بە بەکارهێنانی شێوازەکانی"پەرەدانی وەبەرهێنانی گەشەپێدانی پرۆژەی رێکخراوی یونێدۆ" کە کارە سەرەکییەکەی بریتیە لە هاندانی سەرهەڵدانی گەشەکردن لەو پرۆژانەی ئێستا هەن لە پێناو دابینکردنی بەکارخستن و داهات بۆ خەڵك کە دەبێتە مایەی بەشداریکردن لە سووککردنی هەژاریی و تەواوی گەشەکردنی ئابووری.

مەبەست لە گەڕی دووەمی راهێنانەکەی (یونیدۆ)ش بەتواناکردنی ئەو بەشداربووە هەڵبژێردراوانەیە کە سەرکەوتووانە خولی "راهێنانی راوێژکاران"یان بڕیبوو بۆ ئەوەی پەیوەندی بە تیمی ئێستای راوێژکارانەوە بکەن لە "یەکەکانی گەشەپێدانی پرۆژەی رێکخراوی یونیدۆ"دا کە هەر یەکێکیان لە لایەن دەزگایەکی عیراقییەوە لە بەغداد و زیقارِ و هەولێر میوانداری دەکرێت و راوێژی کاریش پێشکەش بەو بازرگانانە دەکات کە لە لایەن "پەرەدانی وەبەرهێنانی گەشەپێدانی پرۆژەی رێکخراوی یونێدۆ"وە راهێنانیان پێکراوە.

بۆ تەواوکردنی دەسکەوتەکانی"پەرەدانی وەبەرهێنانی گەشەپێدانی پرۆژەی رێکخراوی یونێدۆ"ش لە عیراقدا، "گەشەپێدانی پرۆژە لە رێگەی تکنۆلۆژیای پەیوەندیی و زانیاریی رێکخراوی یونیدۆ" دەیەوێت راهێنانی سەرهێلی و ناهێلی بە ٥٠٠ بازرگان بکات و راهێنانەکانیش لەو جەمسەرە تکنۆلۆژییانە دەست دەکەون کە لە لایەن دەزگا خانەخۆێیەکانەوە دادەمەزرێن.

لە ساڵی ٢٠٠٥یشەوە بەهۆی دابینکردنی بودجەیەکی ٦٨ ملیۆن دولاری یارمەتییەکانی رێکخراوی (یونیدۆ) بۆ عیراق فراوانبوونیان بە خۆیانەوە بینیوە. یارمەتییەکەش تەرکیز دەکاتە سەر یارمەتیدان لەسەر دووبارە ئاوەدانکدرنەوەی دەرامەتە رووخاوەکان و توانای بەرهەمهێنەری وڵات. دەوری رێکخراوی (یونیدۆ)ش پشتگیریکردنی کەرتی تایبەت و بووژانەوەی ئابووری و کەرتەکانی ژینگە و وزەیە. لە ئێستاشدا، (یونیدۆ) ١٨ پرۆژە لەسەرتاسەری عیراقدا جێبەجێ دەکات.

*بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە رێکخراوی یونیدۆ لەسەر ناونیشانی ئەلیکترۆنی*
*office.iraq@unido.org*

مافی مرۆڤ

## یونامی و هاوبەشکارانی راهێنان بە نوێنەرانی کۆمەڵگاکانی مەدەنی عیراقی دەکەن لەسەر چاودێریکردن و راپۆرتدان لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە عیراقدا

لە پێناو پەرەدان بە کارامەییەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی عیراقی لە چاودێریکردنی رەوشی مافی مرۆڤ لە وڵاتدا، نوسینگەی مافی مرۆڤی یونامی بە هاوبەشکاری لەگەڵ رێکخراوی (یونۆپس) راهێنانی بە ١٦ نوێنەری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی عیراقی کرد سەبارەت بە دانی راپۆرت بە دەزگاکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان. راهێنانەکەش لە ٢ تا ٦ی ئاب لە هەولێر ئەنجامدرا.

راهێنانە چوار رۆژییەکەش لە لایەن شارەزایانی "بنکەی یاسای مافی مرۆڤی زانکۆی نۆتینگهامی بەریتانی"یەوە ئەنجام درا لە میانەی پشتگیرییەکانی یونامی بۆ ئامادەکارییەکانی عیراق بۆ پرۆژەی دووساڵەی "پێداچوونەوەی دەوریی جیهانی" کە لە نیسانی ٢٠٠٩ دەستی پێکردووە و لە لایەن (یونامی) شەوە بە هاوبەشکاریی لەگەڵ رێکخراوی (یونۆپس)ی عیراق و لەسەر ئەرکی دارایی حکومەتی فنلەندا و یەکێتیی ئەوروپا لە رێگەی "گرووپی گەشەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان/ فەندی متمانە"وە جێبەجێ دەکرێت.

"پرۆژەی پێداچوونەوەی دەوریی جیهانی" کە دوای دامەزراندنی "ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ" لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەساڵی ٢٠٠٦ دامەزرا پرۆسەیەکی بێوێنەیە کە هەر ٤ ساڵ جارێك پێداچوونەوە بۆ هەموو تۆمارەکانی مافی مرۆڤی هەر ١٩٢ وڵاتە ئەندامەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات. میکانیزمەکەش هەلی ئەوە بۆ گشت وڵاتە ئەندامەکان دەڕەخسێنێت کە بتوانن ئەو کارانەی لە وڵاتەکانیان کردوویانە بۆ باشکردنی دۆخی مافی مرۆڤ رابگەیەنن و بەسەر گرفتەکانیش زاڵ بن بە بە قازانجی مافەکانی مرۆڤ.

لە پێناو یارمەتیدانی عیراقیش بۆ جێبەجێکردنی پابەندییەکانی لە ژێر میکانیزمی تازەی راپۆرتدان لەسەر مافەکانی مرۆڤ،"پرۆژەی پێداچوونەوەی دەوریی جیهانی" وای لە عیراق کرد کە بتوانێت یەکەم پێشکەشکردنی خۆی بۆ "پرۆژەی پێداچوونەوەی دەوریی جیهانی"ی ساڵی ٢٠٠٩ گەلاڵە بکات. بە مەبەستی بنیاتنان لەسەر ئەم هاوبەشکارییەی عیراقیش لەگەڵ هاوبەشکارەکانی و بە تایبەتیش لە وەزارەتی مافی مرۆڤ، "پرۆژەی پێداچوونەوەی دەوریی جیهانی" هەوڵەکانی بەتواناکردنی لە رێگەی کۆمەڵێك راهێنان لەسەر چۆنییەتی دروستکردنی راپۆرتی سێبەر بۆ دەزگاکانی رێککەوتنامە گەیاندە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی عیراقی. مەبەست لە راپۆرتی سێبەریش "راپۆرتی جێگرەوە"یە کە لە لایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی مافەکانی مرۆڤەوە پێشکەش بە دەزگاکانی چاودێریی رێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و چەند دەزگایەکی تری نێونەتەوەیی دەکرێن شان بە شانی راپۆرتی رەسمیی حکومەت سەبارەت بە دۆخی مافی مرۆڤ لە هەر وڵاتێکدا.

راهێنانەکەی ئەو مانگەش یەکەم بوو لەو زنجیرەی

راهێنانەی کە بۆ نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەولێر ئەنجام دەدرێن و لە کۆتایی ئەمساڵیشدا تەواو دەبن. تا ئێستا نزیکەی ٣٠ ڕێکخراوی ناحکومی سوودیان لە بەرنامەی "پرۆژەی پێداچوونەوەی دەوریی جیهانی" بینیوە کە جەخت دەکاتە سەر دروستکردنی زانیاری لەسەر نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەبارەت بەو ڕێککەوتنانەی مافی مرۆڤ کە عیراق یان ئیمزای کردوون یان پەسندی کردوون و یانیش ڕەزامەندی لەسەر دەربڕیون. هەروەها ڕاهێنانەکە ئەوەشی خستە ڕوو کە دەکرێت ئەم ڕێککەوتنانە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ لە وڵاتدا لە لایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بەکار بهێنرێن.

بەشداربوویەکی ئافرەتی ڕاهێنانەکەش بە ناوی سۆزان عارف لە "ڕێکخراوی بە تواناکردنی ئافرەتان" خۆشحاڵیی خۆی بە بینینی نموونەی باش سەبارەت بە کاری مافی مرۆڤ لە ناوچەی عەرەبی دەربڕی و وتی "ئەمە هیوای ئەوەمان دەداتێ کە ڕۆژێك بێت کە ئێمە وەك ڕێکخراوەکانی عیراق بتوانین بگەینە ئاستی بەرزتر لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە عیراقدا."

بەرپرسانی عیراقیش لە وەزارەتی مافی مرۆڤ بەشداریی هەندێك دانیشتنی ڕاهێنانەکەیان کرد وەك بەشێك لەو پرۆسەیەی کە ئێستا لە ئارادایە بۆ پەرەدان بە گفتوگۆ لە نێوان حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەروەها بۆ دروستکردنی زانیاری و تێگەیشتنی دوولایەنە سەبارەت بە پابەندییەکانی مافی مرۆڤ.

لە چوارچێوەی میکانیزمی "پرۆژەی پێداچوونەوەی دەوریی جیهانی"شدا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە ڕێکخراو ناحکومییەکانیشەوە مافی بەشداریکردنیان لە "پرۆژەی پێداچوونەوەی دەوریی جیهانی" هەیە. ئەوان دەتوانن ئەو زانیارییانە بنێرن کە دەکرێ بخرێنە سەر ڕاپۆرتی "پەیوەندارانی تر" کە لە میانەی "پرۆژەی پێداچوونەوەی دەوریی جیهانی"یەوە تاوتوێ کراون.

عیراق ئەم پەیماننامە و جاڕنامانەی خوارەوەی یان ئیمزا کردوون و یان پەسندی کردوون و یانیش ڕەزامەندی لەسەر دەربڕیون:

- جاڕنامەی جیهانی سەبارەت بە قەڵاچۆکردنی هەموو جۆرەکانی ڕەگەزپەرستی (ICERD) لە ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٧٠.

- پەیماننامەی جیهانی لەسەر مافی کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووری (ICESCR) لە ٢٥ی کانونی دووەمی ١٩٧١.

- پەیماننامەی جیهانی لەسەر مافی سیاسی و مەدەنی (ICCPR) لە ٢٥ی کانونی دووەمی ١٩٧١

- جاڕنامە سەبارەت بە قەڵاچۆکردنی هەموو شێوازەکانی جیاکاریی دژی ژنان (CEDAW) لە ١٣ی ئابی ١٩٦٨.

- جاڕنامە لەسەر مافەکانی منداڵان (CRC) لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٩٤.

- پرۆتۆکۆلی ئارەزومەندانە (OP)

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە unami-information@un.org.

گەشەپێدان

# ڕێکخراوی هابیتاتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوامە لە ڕاهێنانی هاوبەشکارانی عیراقی لەسەر پلاندانانی شاری و گەشەپێدانی ئابووری




بەرنامەدەرانی عیراقی لە ڕاهێنانی لەUN-HABITAT عەممان، ٥-٦ی ئابی ٢٠١٠. وێنە: UN-HABITAT

لە پێناو بەهێزکردنی توانای عیراقییەکان لە بواری پلاندانانی شاری و گەشەپێدانی ئابووریدا، ڕێکخراوی هابیتات بە سەرپەرشتیی حکومەتی عیراق لە ٥ تا ٩ی ئابی ٢٠١٠ میوانداریی سەکۆیکارێکی کرد بۆ ٣٠ بەشداربوو لە عەممانی پایتەختی ئەردەن بە گرتنەخۆی پلاندانەرانی شاری لە حکومەتی عیراق و ئەندامانی ئەنجومەن و حکومەتە ناوخۆییەکانی عیراقی. لەم سەکۆیکارەشدا شارەزایانی ڕێکخراوی هابیتات لە بەغداد و هەولێر و پلاندانەرانی شاری لە دەزگاکانی پلاندانان لە هیند و مالیزیا بەشدارییان کرد.
سەکۆیکارەکە هەڵسەنگاندنیشی ئەنجامدا سەبارەت بە بەشەکانی ڕاهێنانەکانی پێشوو لەسەر پلاندانانی شاری و گەشەپێدانی ئابووری کە لە لایەن ڕێکخراوی هابیتاتەوە پشتگیری لێ دەکرا و لەلایەن "ڕێکخراوی گشتیی بۆ پلاندانانی فیزیکی لە میسر" جێبەجێ دەکرا. هەروەها، سەکۆیکارەکە بە هەموو بەشەکانی ڕاهێناندا چۆوە بە بەراوردکردن لەگەڵ پێویستییەکانی وەزارەتەکانی شارەوانی و کار و پلاندانان و هاوکاریی گەشەپێدان بەمەبەستی بەهێزکردنی شارەزاییەکانی کارمەندە پەیوەندارەکانی ئەو وەزارەتانە.
هەروەك بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانی فیزیکی د. موحەممەد شابەندر ئاماژەی پێکرد، پێویستییەکی زۆر بۆ بەهێزکردنی توانای پلاندانەرانی شاری لە عیراقدا هەیە. ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە وتیشی "لە ئێستادا تەنها ٧ پلاندانەری شاریی شارەزا هەن کە لە بەغداد کار دەکەن لەگەڵ ٧ی تریش لە پارێزگاکانی تری عیراقدا."
لەم سەکۆیکارەشدا پلاندانەرانی شاری کە لە وڵاتەکانی هیند و مالیزیاوە هاتبوون ئەزموونەکانی وڵاتەکانیان لەگەڵ هاوتا عیراقییەکانیاندا هاوبەش کرد بۆ دامەزراندنی "دەزگای پلاندانەرانی شاری"ی پرۆفیشناڵ. هەروەها، سەکۆیکارەکە سەردانی "دەزگای گەشەپێدانی شاری لە عەمان"یشی گرتە خۆی کە بریتییە لە خانەیەکی هەرێمیی کە تەرکیز دەکاتە سەر بەڕێوەبردنی شاری و پلاندانانی کۆمەڵگە و گەشەپێدانی درێژخایەنی کۆمەڵگە.
بەشداربووان پێویستبوونی هاوکاریی زیاتر لەگەڵ دەزگاکانی پلاندانانی شارییان دەستنیشان کرد و لە سەر چەند بوارێکی تایبەتیش بۆ پلاندانانی شاری و گەشەپێدانی ئابووریی ناوخۆیی ڕێککەوتن کە پێویستە لە چالاکییەکانی تواناسازیدا بخرێنە پێشەوەی کارەکان و بنەماشیان بۆ هاوکاریی زیاتر لەگەڵ "ڕێکخراوی گشتیی بۆ پلاندانانی فیزیکی لە میسر" و "دەزگای عەممان" دانا.
ئەم سەکۆیکارەکەش بەشێکە لەو چالاکییانەی کە لە لایەن "پرۆژەی ڕێکخراوی بنیاتنانی توانای گەشەپێدانی شاری"ی سەر بە ڕێکخراوی هابیتاتەوە جێبەجێدەکرێن و داراییەکەشیان لە لایەن ئەنجومەنی ئەورووپی و ئەسپانیا لە ژێر "فەندی متمانەی عیراقی"یەوە دابیندەکرێت.
ڕێکخراوی هابیتات سەرقافڵەی ئاژانسەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ شارەکان و جێنشینکردنی مرۆیی و لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە ئەم ئەرکەی پێسپێردراوە بە مەبەستی پەرەدان بە شار و شارۆچکەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ژینگەییەوە بە ئامانجی دابینکردنی شوێنی حەوانەوە بۆ هەمووان. لە لایەکی تریشەوە، ڕێکخراوی هابیتات پێشەنگی حەوتەمین ئامانجی هەزارەی پەرەپێدانە بە مەبەستی "دروستکردنی گۆڕانکاری بە هاتنی ساڵی ٢٠٢٠ لە ژیانی ١٠٠ ملیۆن کەس لەوانەی لە گەڕەکە هەژارەکاندا ژیان بەسەر دەبەن."
ڕێکخراوی هابیتات جەخت دەکاتە سەر کاری سەرلەنوێ دروستکردنەوە و جێنشینکردن و تواناسازی و چاکسازیی دەزگایی. بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانیشی بەرنامەی عیراق پشت بە سەرچاوە ناکرۆکییەکان دەبەستێت. لە ساڵی ٢٠٠٣شەوە تەواوی بەرنامەکە گەیشتووەتە ١٠٠ ملیۆن دولاری ئەمریکی کە بە سەر ٢٥ پرۆژە و بەرنامەدا دابەشکراوە. زۆربەی پرۆژەکانیش لە لایەن "فەندی متمانەی عیراقیی گرووپی گەشەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان"ەوە داراییەکەیان دابین دەکرێت جگە لە ژمارەیەکی کەمی پرۆژەکان کە داراییەکانیان لە ڕێگەی کەناڵە دوولایەنییەکانەوە دابین دەکرێت.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە دۆدو مبای لەسەر پۆستی ئەلیکترۆنی Doudou.Mbye@unhabitat.org

# پەیامی جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەماهەنگکاری نیشتەجێ لە عیراق خاتو کریستینا ماکناب بە بۆنەی رۆژی جیهانیی گەنجانەوە



DSRSG/RC/HC for Iraq, Ms. Christine McNab.

بەغداد، ١٢ی ئابی ٢٠١٠

یادکردنەوەکەی ئەمساڵی رۆژی جیهانیی گەنجان بەتایبەتی رۆژێکی گرنگە بۆ گەنج لەسەرتاسەری جیهاندا چونکە بووەتە مایەی راگەیاندنی "ساڵی جیهانیی گەنج" کە لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٩ لە ژێر سەرباسی " گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی دوولایەنە" راگە یاندرابوو. هە ڵبژاردنی ئە م سە رباسە ش رەنگدانەوەی پابەندییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ هاندانی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن لە تەواوی نەوە و کەلتور و ئاین لەگەڵ درککردنی بە پێویستبوونبوونی دڵنیابوون لەوەی دەنگی گەنجیش لەسەرتاسەری جیهاندا بیستراوە چونکە ئەوان سەرکردەی ئایندەن و زۆریش پێویستە لە دروستکردنەکەی بەشدار بن.
ئەمەش بە تایبەتی لە وڵاتانی وەك عیراق، کە تێیدا نزیکەی نیوەی دانیشتوان لە خوار ١٩ ساڵییەوەن، گرنگە و هەروەها گەنجان لەو وڵاتە سەرمایەکی ئەوەندە گەورە پێکدەهێنن کە دەکرێت ببنە هێزی پاڵنە ر بۆ مسۆگە رکردنی ئاینده یە کی باشتر بە و مەرجەی وڵاتەکە بتوانێت گەنجەکانی وەبەر بهێنێت و بۆ وەرگرتنی دەورەکانیشیان وەك سەکردەی ئاینده ئامادەیان بکات.
بەڵام ئەمەش پێویستی بە هەوڵی چڕوپڕ هەیە چونکە بێکاری و نەبوونی پەروەردە و دوورخستنەوە و هەلی سنووردار و ئەو گرفتانەی رووبەرووی ئەو گەنجە عیراقییانە دەبنەوە کە لە سەردەمی ئابڵۆقە و توندوتیژیدا لە دایك بوون زۆرن.
نە تە وە یە کگرتووە کان لە عیراق پابە ندە بە پشتگیریکردنی هەوڵەکانی وڵات بۆ بە تواناکردنی گە نجە کانی. چە ند ئاژانسێکی نە تە وە یەکگرتووەکانیش کە لە عیراق کار دەکەن پێشتر چەند پرۆژەیەکیان بۆ یارمەتیدان گەنجان لە چەندان بواری جیاجیادا جێبە جێ کردووە . سە رباری ئە مە ش، ئێستا نە تە وە یە کگرتووە کان لە گە ڵ حکومە تی عیراق کار دە کات بۆ پە رە دان بە ستراتێژێکی نیشتمانی بۆ ئاوێتە کردنی پرسە کانی گەنجان لەگەڵ کارنامەی گەشەپێدانی نیشتمانیدا.
هێشتنە وە ی گە نجانی عیراق لە قوتابخانە و دروستکردنی کاری زیاتر و بە شداریپێکردنی گەنجان لە چالاکییە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکاندا وا لە گەنجانی عیراق دەکەن کە بتوانن ببنە هێزی پاڵنە ر بۆ بە دە ستهێنانی "ئە مانجە کانی هە زارە ی گە شە پێدان" و پە رە پێدان و پاراستنی بە هاکانی گفتۆگۆ و لێبوردەیی کە ئەمانەش بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و ئارام و خۆشگوزەران وەك بەردەباز وان.
لە کاتێکدا عیراق ئەمساڵ ئاهەنگ بۆ گەنجەکانی دەگێڕێت، نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئامادەیی خۆی دووپات دەکاتەوە بۆ یارمەتیدانی گەنجانی عیراق بۆ دروستکردنی عێراقێکی سە لامە تتر و ئارام و خۆشگوزەران و هەروەها بۆ هەموو هەوڵەکانی عیراق لەپێناو بەشداریپێکردنی گەنجان لە بەرنامە و سیاسەت و پرۆسەی دروستکردنی ئەو بڕیارانەی کە سوود بە ئایندەی وڵاتەکە دەگەیەنن.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پە یوە ندی بکە ژمارە تە لە فۆنی ٠٠٩٦٢٧٧٦٧٢٩٧٠٧ یانیش پۆستی ئەلیکترۆنیی جولیێت تۆما toumaj@un.org

# لاوانی عیراقی: لەسەر رێبازی کارەسات و هیوا بەپێی بنەمای لاپەڕەی راستییە وەرگێڕاوەکان

عیراق بە خاوەنی زۆرترین رێژەی گەنج لە جیهاندا دادەنرێت چونکە نزیکەی نیوەی دانیشتووانی لە ژێر تەمەنی ١٩ ساڵین. بە هەبوونی هەلی فێرکردن و کارکردن و کاری کۆمەڵایەتی، گەنجان بە کوڕ و کچەوە هەلی باشییان بۆ رەخساندراوە بۆ ئەوەی بەشداری لە پەرەپێدانی وڵاتەکەیان بکەن و ببن بە هێزێکی کاریگەر بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی پەرەپێدانی ئەم سەردەمە و هەروەها دەتوانن دەورێکی گرنگ بگێڕن لە ئاسانکردنی دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی دولایەنە.

لەگەڵ ئەوەشدا، گەنجانی عیراق کە نزیکەی ٣٠ ساڵە لە پشێوی و ناکۆکیدا دەژین رووبەڕووی ئاییندەیەکی ترسناك دەبن و زۆربەیان نیشانەی نـاڕە جە تیـیان پێـوە دیـارە . بـە گـوێـڕە ی رووپێوینیشتیمانیی هەرزەکار و گەنجانی عیراق بۆ ساڵی ٢٠٠٩، کە لەلایەن سندوقی دانیشتوانانی تایبەت بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNFPA) ئەنجامدرا، لە ٢٤٪ ی گەنج و لاوانی عیراقی لەتاو هەستەدەماری و لە ١٧٪ یان لەتاو ژانەسەری درێژخایەن دەناڵێنن و ٣٢٪ یان زۆر بە ئاسانی مەیلی گریانیان هەیە.

بۆ هاوکاریکردنی گەنجانی عیراقی بۆ ئەوەی هیوا لە ئاییندەی وڵاتەکەیان بدۆزنەوە، ژمارەیەك لە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان وە كUN HABITA و UNHCRو UNESCO و UNOPS و WHO و UNFPA چەندەها پرۆژەیان جێبەجێکرد کە زۆر سوودبەخش بوون بۆ گەنجان لـە چـە نـدە هـا بـواری وە ك مەشقپێکردنیان لەسەر ناوبژیوانیی ناکۆکی و دابینکردنی راهێنانی تەکنیکی و پیشەیی و، زۆربونی بـە رنـامـە ی خـوێـنـدە واری و پـە روە ردە کـردنـیـان لـە سـە ر شـارە زایـیـە کـانـی ژیـان بـۆ بـە رزبـونـە وە ی هـۆشـیـاریـی تەندروستی. جێی ئاماژەیە، نەتەوە یەکگرتووەکان پەیمان دەدات کە بە بەردەوامی هاوکاریی گەنجانی عیراق بکات.



گەنجە عیراقییەکان ئامەزرۆی کاری کشتوکاڵین

نەتەوە یەکگرتووەکان کار لەگەڵ حکومەتی عیراق دەکات بۆ پەرەپێدانی ستراتیژینیشتیمانیی گەنجان بۆ ئاوێتەکردنی گرفتی گەنجان لەگەڵ ئەجێندای پەرەپێدانی نیشتیمانی.

زانیاریی زیاتر سەبارەت بە بارودۆخی گەنجانی عیراقی لە رووی پەروەردە و فێرکردن و کارکردن و وەرزش و هونەر و، بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسییان لەسەر لاپەڕی راستییەکانی گەنجانی عیراق دەستدەکەوێت.

## نەتەوە یەکگرتووەکان بە توندی ئیدانەی هێرشە تیرۆریستییەکەی سەر بنکەیەکی بەسەربازگرتنی عیراقی کرد

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) بە توندی ئیدانەی ئەو هێرشە تیرۆریستییە دەکات کە لە رۆژی ١٧ی ئابدا کرایە سەر بنکەیەکی بەسەربازگرتنی عیراق لە بەغداد و بووە مایەی کوژرانی دەیان سەربازی نوێ و بریندارکردنی زیاتر لە سەد کەس.

یونامی نیگەرانیی خۆی دەربڕی سەبارەت بە بەردەوامیی ئەو کارە توندوتیژییانەی کە خەڵکی عیراقیان کردووەتە ئامانج، بەوانەشەوە کە لە مانگی رەمەزانی پیرۆزی ئاشتی و لێبوردەیی و بەخشین و هاوپشتی ئەنجامدران.

لە هەمان کاتیشدا، یونامی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە رێککەوتن بۆ پێکهێنانی حکومەت دەبێتە مایەی بەهێزکردنی توانای عیراق لەسەر پاراستنی هاوڵاتییەکانی و وڵامدانەوەی کاریگەرانەی بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت نائارامیی و پشێوی لە وڵاتدا درێژە پێ بدەن و رێشی لێ بگرن لە هەنگاونان بۆ ئاشتی و خۆشگوزەرانی.

## جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان خاتو کریستینا ماکناب لە کە ناڵی ئەلجەزیرە بەرگری لە "ئامانجەکانی هەزارەی گەشەپێدان" دەکات




وەك بەرگریکردنێك لە پابەندییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دروستکردنی ژیانێکی باشتر بۆ عیراقییەکان، جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان خاتو کریستینا ماکناب لەگەڵ وەزیری پلاندانانی عیراق بەڕێز عەلی بابان لە بەرنامەی هەفتانەی"لەناوەوەی عیراق"ی کەناڵی ئەلجەزیرە بووە میوان. چاوپێکەوتنە راستەوخۆیەکەش لە رۆژانی ٢١ و ٢٢و ٢٣ ئابدا پەخش کرا.

خاتو ماکناب بە درێژیی باسی لەو پێشکەوتنە کرد کە عیراق بە خۆیەوە دەبینێ لە بەدەستهێنانی "ئەمانجەکانی هەزارەی گەشەپێدان" بە هاتنی ساڵی ٢٠١٥ لەگەڵ ئاماژەکردنیش بەو ئاستەنگانەی کە تا ئێستاش هەر خۆیان مەڵاسداوە. نەتەوە یەکگرتووەکان بە هاوبەشکاری لەگەڵ حکومەتی عیراق کار دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە خزمەتە بنەڕەتییەکانی وەك پەروەردە و تەندروستی و سەرچاوەی ئاوی پاك و تەندروست بۆ هاوڵاتییانی عیراق دابینکراون. بەڵام ئەو بەرپرسەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەشی نەشاردەوە کە ئاوەڕۆی تەندروست و پرسە ژینگەییەکان بە بەردەوامی مەترسیی زۆر گەورەن لەبەردەم هەنگاونان بەرەو بەدەستهێنانی"ئەمانجەکانی هەزارەی گەشەپێدان".

بەڕێز وەزیری پلاندانانی عیراق عەلی بابان دانی بەوەدا نا کە عیراق بەڕاستی دەسکەوتی زۆری بەدەستهێناون بەڵام هێشتاش ئاستەنگی زور ماون لە بەردەم وڵاتدا وەك نەبوونی ئارامیی.

بۆ بینینی تەواوی چاوپێکەوتنە ٢٣ خولەکییەکە، تکایە کرتە لەسەر ئەم ناونیشانەی خوارەوە بکە: http://www.youtube.com/watch?v=_qql8m9d2pg

## رێکخراوی خۆراکی جیهانی پەرە بە بەرنامەی "کار بە پارەی نەخت" لە عیراق دەدات



دروستکردنەوەی باڵاخانەکی گشتی. وێنە: رێکخراوی حۆراکی جیهانی

رێکخراوی خۆراکی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان بێکاری کردووەتە ئامانج لەو ناوچانەی عیراق کە بە توندی تووشی توندوتیژی و نائارامی هاتوون لە رێگەی فراوانکردنی بەرنامەی "کار بە پارەی نەخت" بۆ ئەوەی بگاتە زیاتر لە ١١٠٠٠ خەڵکی بێدەرامەت و یارمەتیشیان بدات ژیانی رۆژانەیان دابین بکەن.

ئەو بەرنامەیە دەبێتە مایەی هێنانەکایەی بەکارخستنی کورتخایەن لە پرۆژەکانی ژێرخانی کشتوکاڵیدا بەڵام بەمەبەستێکی درێژخایەن کە دڵنیابوونە لەوەی ئەوان تووشی کەمخۆراکی نابن. رێکخراوی خۆراکی جیهانیش ئەم شێوازە لە پارێزگاکانی دیالە و بەغداد جێبەجێ دەکات کە خەڵکێکی زۆر لە شوێنەکانی تری ناو وڵاتەوە بۆیان گەڕاونەتەوە بۆ دۆزینەوەی شتە تاڵانکراوەکانیان و کارە لەکیسچووەکانیان .

وەك بە شێکیش لە "دە ستپێشخە ریی دیالە "، رێکخراوی خۆراکی جیهانی پێشتر لە مساڵدا رێبە ریی ئە م شێوازە ی کرد کە بریتییە لە گرتنەبەری چەند رێوشوێنێك بۆ سەرلەنوێ جێنشینکردنە وە ی ئاوارە ناوخۆییە کان و گەڕاوەکان و خەڵکی بێدەرامەتی تر. بە دابینکردنی ٥ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە لایەن حکومەتی ئەمریکاوە، ئێستا ئەم پرۆژەیە فراوان بووەی بۆ ئەوەی خەڵکی تریش بتوانن بژێوی خێزانەکانیان دابین بکەن.

## جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان خاتو ماکناب سە ردانی قوتابخانە یە ك دەکات لە سلێمانی



جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق خاتو کریستین مەکناب سەردانی گوندی سوتکە لە سولەیمانی دەکات. وێنە: نەتەوە یەکگرتوەکان UN-HABITAT Iraq

لەسەردانەکەی ئەم دواییەی بۆ کوردستانی عیراق، جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان خاتو ماکناب لە ١٨ی ئابدا سەردانی قوتابخانەیەکی قوڕی کرد لە گوندی سۆتکەی پارێزگای سلێمانی. ئەو قوتابخانە چوار پۆلییە لە لایەن رێکخراوی هابیتاتەوە دروست کرابوو لەچوارچێوەی ئەو پرۆژانەی کە بە هاوبەشکاریی لەگەڵ رێکخراوەکانی یونیسێف و یونیسکۆ و تەندروستیی جیهانی و یونێفام و لە سە ر ئە رکی دارایی "فە ندی متمانە ی عیراق"جێبەجێ کرابوون.

پرۆژەکە پشتگیری لە هەوڵەکانی حکومەتی عیراق دەکات بۆ گەشەدان بە توانای کەرتی پەروەردەی عیراقی و کەشی فێربوونیش لە ناوچە هەژارنشینەکانی عیراق دەڕەخسێنێ بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی "پەروەردە بۆ هەموان." هەروەها، پرۆژەکە پشتگیری لە کەرتی پەروەردەی عیراق دەکات لە رێگەی ئاوڕدانەوە لە پلاندانانی ستراتیژیی بەڕێوەبردنی زانیاری و دارشتنی سیاسەتی وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لە رێگەی دروستکردنی ٢٥ قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی بۆ شوێنگرتنەوەی قوتابخانە قوڕە کۆنەکان لە زۆربەی ناوچە بێبەشکراوە لادێنشینەکان لە پارێزگاکانی سلێمانی و سەلاحەدین و زیقاڕدا.

لە لایەکی تریشەوە، پرۆژەکە دەیەوێت کۆمەڵگەی ناوخۆییبەشدار بکا لە چەمکە پەروەردەییە جۆراوجۆرەکانی وەك خوێندەواری و پەروەردەی فەرمی و نافەرمی و دیزاین و بەڕێوەبردنی قوتابخانە و پاراستنی قوتابخانە.

# نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاردا

## یونیسکۆ

ڕێکخراوای یونیسکۆ سەکۆیکارێکی سەبارەت بە پەرەپێدانی ڕاهێنان لەسەر هونەرە جوانەکان و پەروەردەی منداڵە خاوەن پێداویستە تایبەتەکان و پلاندانی خێزان و ئاشتی و دیموکراسی ڕێکخست. هەروەها ئەو ڕێکخراوە لە ژێر دروشمی "پرۆژەی دە ستپێشخە ریی بە تواناکردنی خوێندە واری"دا سە کۆیکارێکی تری ڕێکخست بۆ پە رە دان بە پە رتووکی ڕێنمایی مامۆستایان سە بارە ت بە ئامرازەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری. مەبەستیش لە پرۆژەکە یارمەتیدانی وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و پەروەردەیە بۆ دەستەبەرکردنی پەروەردەی باشی مامۆستا و لەو ڕێگەیەشەوە بۆ باشکردنی خوێندنی ناوە ندی لە عیراقدا وە ك چۆن لە "ستراتیژی یارمە تیی نە تە وە یە کگرتووە کان بۆ عیراق" و "ستراتیژی گە شە پێدانی نیشتمانیی عیراقی"دا هاتووە. بۆ ئەم مەبەستەش پرۆژەکە ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستای زۆر ێهاتووی وا دروست دەکات کە بتوانن پە روە ردە ی باشی مامۆستا بۆ پرۆسە چاکسازییە کە دابین بکە ن. بە تێکڕاییش، ٣٠٨ وانە بێژی زانکۆیی لە کۆلێژە کانی زانست و پە روە ردە لە زانکۆکانی ناوچە جۆگرافییە جۆراوجۆرە کاندا بە شداری لە چالاکییە کانی تواناسازیدا دەکەن کە بە هێزکردنی کەرەستەکانی بابەت و ڕاهێنانی ڕاهێنەران لە زوبانی ئینگلیزی و شارەزایی کۆمپیوتەر و شێوازی تازەی وانەوتنەوە و هاوڕێیەتیی کورتخایەنیش دەگرێتەوە.

## ڕێکخراوی UNDP

- لە ٢٣ تا ٢٧ی ئابدا، "بە رنامە ی پە رە پێدانی کەرتی تایبەت بۆ عیراق" سەکۆیکارێکی هاوبەشی لەگەڵ ٣ "لێژنەی ئاراستەکردنی پارێزگا"ی ئەنبار و بە سرە و هاوتاکانیان لە عیراق و نە تە وە یە کگرتووە کاندا لە ئە ستە نبول ڕێکخست بۆ تاوتوێکردنی پێشینەکارەکان و گرفتەکانی پرۆژەکە. تاوتوێکردنە کە جە ختی کردە سە ر "پلاندانانی گە شە پێدان" بۆ تۆڕە کانی دابە شکردنی کارە با لە پارێزگاکانی ئە نبار و بە سرە دا و دامە زراندنی "یەکەکانی گەشەپێدانی پلاندانان" لەگەڵ کردارەکانی دانی قە رزی کە م و هاوبە شکاریی وە بە رهێنە ری بێگانە لە هەر یەك لەو ٣ پارێزگایەدا.

- دوو سە کۆیکار لە بە یروت ئە نجامدران بۆ "کۆمیسیۆنی باڵای سە ربە خۆی هە ڵبژاردنە کان لەسەر پەندی وەرگیراو لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی ٢٠١٠ . سەکۆیکارەکانیش هاوبەشانە لە لایەن ڕێکخراوەکانی UNDP و یونۆپس و یونامی و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە ئەنجامدران. سەکۆیکاری یەکەم لە ١٠ تا ١٤ی تەموز ئەنجامدرا و تاوتوێی ئەو وانانەشی کرد کە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانەوە هەڵێنجرابوون. لەم سە کۆیکارە دا ٤٠ کارمە ندی کۆمیسیۆنی باڵای سە ربە خۆی هە ڵبژاردنە کان لە نووسینگە نیشتمانییەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی بەشدارییان کرد کە دەوریان هەبووە لە پلاندانان و بەڕێوەبردنی جێبەجێکردنی کارە مە یدانییەکان. هە روە ها، ئەو راوێژکارە نێودە وڵە تییانە ش کە ڕۆژانە لە گە ڵ کۆمیسیۆنی باڵای سە ربە خۆی هە ڵبژاردنە کان کاریان دەکرد لەم سەکۆیکارەدا بەشدارییان کرد. سەکۆیکاری دووەمیش لە ١٧ی تەموز تا ١ی ئاب ئە نجام درا کە تێیدا بە ڕێوبردنی دە زگاییانە و سیاسەت و بڕیاردروستکردن تاوتوێ کران و ٢٥ بڕیاردروستکە ری کۆمیسیۆنی باڵای سە ربە خۆی هەڵبژاردنەکانیش، بە "دەستەی کۆمیسیاران"و چەند گەورە کارمەندێکی تری بواری بەڕێوەبردنیشەوە،، بەشدارییان تێدا کرد.

ڕێکخراوی UNDP یارمەتیی حکومە تی عیراق دەدات لە بەهێزکردنی میکانیزمی بەشداربوون لە باشکردنی پرۆسەکانی هەڵبژاردن کە گەشەپێدانی توانای کومسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەسەر جێبەجێکردنی هەڵبژاردنی واڵا و بێگەرد و زیادکردنی هەڵمەتی وشیاریی گشتی بە پشتگیریی کاریگەری ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەبارەت بە پرۆسەکانی هەڵبژاردن بەمەبەستی هاندانی بەشداریی لە هەڵبژاردنەکان و گەشەپێدانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و پاراستنی ڕاگەیاندنی ئازاد دەگرێتەوە.

**هەواڵنامەی یونامی** مانگانە لە لایەن نوسینگەی ڕاگەیاندنی یونامی دەردەچێت و بابەتەکانیش مەرج نییە دەربڕی ڕای نەتەوە یەکگرتووەکان یان یونامی بن. بابەتەکان ئازادانە بڵاو دەکرێنەوە لەگەڵ سوپاس بۆ هەواڵنامەی یونامی

بۆ لێدوان و پێشنیار پەیوەندی بکەن بە
unami-information@un.org

سەرۆکی نوسینگەی ڕاگەیاندن / وتەبێژ: رادیە عاشوری
جێگری سەرۆکی نوسینگەی ڕاگەیاندن/ وتەبێژ: ئیلیانا نەبعە
سەرۆکی بەشی بڵاوکراوەکان: عائیشە بەسڕی
نوسیار: ڕەندا جەمال
نوسیار: لەیلا شەمجی
دیزان و گرافیك: سالار بریفکانی

## ئێمە کارمەندە مرۆییەکانین:



















